# گرنگى نوێژى هەینى ( الجمعة) وچەند حوكمێك

[ بە كوردى ]

# أهمية صلاة الجمعة

[ باللغة الكوردية ]

نوسینى : حاجى ئومێد چروستانى

المؤلف : حاج أوميد جروستاني

پێداچونەوەى: پشتیوان سابیر عەزیز

المراجعة: بشتيوان صابر عزيز

نوسینگەى ( رەبوەى ) هەرەوەزیى بۆ بانگەواز و وشیاركردنەوەى ڕەوەندەكان لە شارى ڕیاز

المكتب التعاوني للدعوة وتوعية الجاليات بالربوة بمدينة الرياض

**2008 -1429**

islamhouse.com

# گرنگی نوێژی هەینی ( الجمعة) وچەند حوکمێك

مانای ( الجمعة) لەزمانی عەرەبیدا بەواتای كۆبونەوەدێت (١) ، یانی كۆبونەوەی خەڵكی، ئاشكراشەكۆبونەوەپێك نایەت تا بەژمارەیەك نەبێت، كەواتەبوونی ژمارەیەك لەخەڵكی مەرجەبۆ دروست بوون و فەرزبوونی نوێژی هەینی، كەدواتر باسی دەكەین .

ئەم ڕۆژەواتـــەڕۆژی هەینی( الجمعـة) لەسەردەمـی نەفامیدا ناوی ( یوم العروبة)بوە (٢) .

بەڵام ئایا لەئیسلامدا بۆ ناونراوەبە( الجمعة) جیاوازیەك هەیەلەنێوان زانایاندا ، هەندێك پێیان وایەلەبەر ئەوەی خوای گەورەلەو ڕۆژەدا تەواو كردنی ( مخلوقات) دروستكراوەكانی خۆی كۆكردەوەواتەتەواوی كردن.

هەندێكی تر پێیان وایەكەپەروەردگار خەلق كردنی ئادەمی لەو ڕۆژەدا كۆكردوەتەوە، لەتەفسیری ( ابن كثیر ) هاتووەكە( ابن أبي حاتم ) دەڵێت حەسەنی كوڕی عەرەفەبۆی باسكردین ئەویش لەعەبدەی كوڕی حەمیدوەئەویش لەئەبی مەعشەرەوەدەگێرێتەوەلەئیبراهیمی كوڕی عەلقەمەوەئەوەیش لەقورەیعی زەبیەوەكەدەڵێت سەلمان بوی باسكردین كەپێغەمبەری خـوا

( درودی خوای لەسەر بێت ) فەرمووی:ئەی سەلمان ئایا دەزانیت ڕۆژی هەینی ( الجمعة) چی یە؟ منیش ووتم خواو وپێغەمبەری خوا دەزانن، پێغەمبەری ئازیزیش فەرمووی : (جمعة) ڕۆژێكەكەپەروەردگار باوكی ئێوەی تیادا كۆ كردەوە ( واتەخوای گەورەلەو ڕۆژەدا حەزرەتی ئادەمی دروست كرد ) (٣) .

هەندێكی تر پێیان وایەناوانی ئەم ڕۆژەلەوەوەهاتوەچونكەخەڵكی كۆدەبنەوەبۆ نوێژ كردنی بەكۆمەڵ ، ( ابن حزم ) ئەم ڕایەی پەسەند كردووە دەڵێت ئەم ناوەلەسەردەمی نەفامیدا نەبوەو ناوەكەناوێكی ئیسلامیەو لەبەر ئەوەش ناو نراوە( الجمعة) چونكەخەڵكی بەكۆ ، كۆدەبنەوەبۆ نوێژ كردن .

بۆ چی خوای گەورەئەم ڕۆژەی بۆ ئومەتی ئیسلام هەڵبژارد ؟

ڕۆژی هەینی چاکترین و باشترین و پڕ فەزڵترین ڕۆژەکانی هەفتەیەلای ئومەتی ئیسلام وەخۆر هەڵنەهاتوەلەسەر ڕۆژێك باشتر بێت لەڕۆژی هەینی ، هەربۆیەپەروەردگار ئەم ڕۆژەی تایبەت کرد بەئومەتی ئیسلامەوە، ئەویش دوای ئەوەی کەئومەتەکانی پێش ئیسلام گومڕاییان کرد، جولەکەکان گومڕابوون و رۆژی شەممەیان کردەپیرۆزترین ڕۆژ لای خویان، هەروەها گاورەکانیش بەهۆی جیاوازی زۆری نێوان خۆیانەوەگومڕابوون و رۆژی یەك شەممەیان کردەپیرۆزترین ڕۆژەکانی هەفتە، بەڵام بەفەزڵی خواوەو حەمدو شوکر بۆی ڕۆژی ( جومعة) ی کردەچاکترین ڕۆژەکانی هەفتەبۆ ئەم ئومەتە (٤) ، لەم بارەیشەوە ئەبو هورەیرەو حوزەیفەی کوڕی یەمان ڕیوایەتیان کردوەکەپێغەمبەری خوا ( درودی خوای لەسەر بێت ) فەرمویەتی (( أضل عن الجُمُعة من كان قبلنا، فكان لليهود يوم السبت، وكان للنصارى يوم الأحد ، فجاء لنا فهدانا الله ليوم الجُمُعة، فجعل يوم الجُمُعةِ والسبت والأحد، وكذلك هم تبع لنا يوم القيامة، نحنُ الآخرون من أهل الدنيا والأولون يوم القيامة، المقضي بين الخلائق )) ( ٤) ، واتە:

ئومەتەکانی پێش ئیمەگومـــڕابوون و سەریان لێشاو لەدیاری کردنـــــی ڕۆژی ( جمعة) جولەکەکان ڕۆژی شەممەیان هەڵبژارد، هەروەها گاوەرکانیش ڕۆژی یەك شەممەیان هەڵبژارد،بەڵام ئێمەی ئومەتی ئیسلام پەروەردگار رۆژی ( جمعة) ی بۆ دانایین و ڕێنمایی بۆی کردین ، ئەوەندەش هەیەئەوان ( واتەجولەکەو گاورەکان ) لەڕۆژی دوایدا دوای ئێمەدەکەون ، ئێمەلەدوای ئەوانەوەهاتین لەدونیادا ، بەڵام لەقیامەتدا پێشیان دەکەوین .

لەم فەرمودەیەوەئەو دەردەکەوێت کەڕۆژی ( جمعة ) تایبەتی مەندیەکی گەورەی هەیەلەئیسلامدا هەربۆیەپەروەردگار بەڕۆژێکی پڕ فەزڵی داناوە، کەدواتر ئاماژەدەکەین بەتایبەت مەندیەکانی بەیارمەتی خوای گەورە.

حوکمی نوێژی هەینی :

نوێژی هەینی ( الجمعة ) فەرزی عەینەلەسەر هەموو موسوڵمانێکی باڵغی عاقڵی، ئازاد ( حُرّ ) ی، نێرینە ی لەش ساغ و نیشتەجێ،کەواتەئەم نوێژەلەسەر بێ باوەڕ و منداڵ و شێت و بەنـــدە( عبد ) و ئافرەت و نەخۆش و موسافر واجب و فەرز نیە.

پێغەمبەری خواش ( درودی خوای لەسەر بێت ) لەم بارەیەوەدفەرموێت : ( الجُمُعة حقٌ واجبٌ على كل مسلمٍ في جماعة إلا أربعة ، عبدٌ مملوكٌ ، أو امرأةٌ ، أو صبيٌ ، أو مريضٌ ) (٥) .

واتە : نوێژی هەینی مافێکی خودایەلەسەر بەندەکانی و واجبەلەسەر یان بەجێ ی بهێنن جگەلەچوار کۆمەڵ نەبێت ، بەندەیەك ، یان ئافرەت ، یان منداڵ ، یان نەخۆش ) .

هەروەها نوێژی ( الجمُعة ) واجب نیەلەسەر کەسێك لەسەفەردا بێت ، ئەویش بەو بەڵگەیەی کەپێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) کاتێك لەسەفەردا بوبێت نوێژی هەینی نەکردوە، هەروەك چۆن کاتێك لە( حجة الوداع ) بوو لەڕۆژی عەرەفەئەو ڕۆژەڕۆژی ( جمعه) بوو پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) نوێژی نیوەڕۆو عەسری بەکۆکردنەوەو پیشخستن ( جمع وتقدیم ) کرد، ونوێژی ( جمعه) ی نەکرد ، هەروەها خەلیفەڕاشدینەکانی دوای خۆیشی هەرکاتێك لەسەفەردا ببوبن نوێــژی ( جمعه) یان نەکردوە، کەواتەنوێژی ( جمعه) لەسەر ( مسافر ) واجب نیە ، ئەمەش لەبەر ئاسانکاری کردنی خوای گەورەبۆ بەندەکانی ( رفع الحرج عنهم ) .

ئەو بەڵگانەی ئاماژەدەکەن لەسەر فەرز بوونی نوێژی هەینی.

یەکەم / قورئانی پیرۆز :

خوای گەورەدەفەرموێت (( يا أيها الذينَ آمنُوا إذا نُوديَ للصَّلاة منْ يومِ الجُمُعَةِ فاسعْوا إلى ذِكْرِ اللهِ وذروا البيع ذلكم خيرٌ لَكُمْ إن كُنْتُمْ تَعْلَمُون )) (6) .

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوەئەگەر بانگ درا بۆ نوێژی هەینی ، ئەوەخێرا بچن بەدەنگ بانگ و یادی خواوەو واز لەکڕین و فرۆشتن بهێنن، بێگومان ئەوەزۆر چاکتر و باشترەبۆتان ئەگەر ئێوەبزانن .

لێرەدا مەبەست لە( الذِّكر ) یان نوێژکەیەئەوەبێگومان ئەو کاتەفەرزەو واجب دەبێت لەسەر موسڵمانان، چونکەهەموو فەرمانێك لەقورئان وسوننەتدا بۆ واجب بوونە، ئەگەر بەڵگەیەکی تر نەبێت ئەو فەرمانەبگۆڕێت بۆ حوکمێکی تر وەك سوننەت یان موباح وەك زانایانی ئوسوڵ فقه دەڵێن : ( كل أمر للوجوب إلا إذا دلت قرينة تصرفها إلى معاني آخرى ) (7) یان فەرماني ئایەتەکە( فاسعوا ) مەبەست پێی چوون بۆ ( خطبة ) یەجا ئەگەر مەبەست پێی (خطبة ) ش بێت ئەوا بێگومان (خطبة ) ی ڕۆژی هەینی مەرجێکی نوێژی هەینی یە، کەمەرج واجب بێت بۆ کارێك بێگومان ئەو کارەخۆی واجب تر دەبێت کەنوێژەکەیە.

دووەم / فەرمودەکانی پێغەمبەری خوا :

١) عن ابن مسعود ( رضي الله عنه ) أن النبي ( صلى الله عليه وسلم ) قــال لقوم ، يتخلفون عن الجمُعة ( لقد هممتُ أن آمــرَ رجـلاً يُصلي بالنَّـاس، ثُمَّ أحـرَقَ على رجـال يتخلفون عن الجمُعة بيوتهم ) ( 8) .

واتە: نیازم هەبوو کەفەرمان بکەم بەکەسێك کەنوێژ بۆ خەڵکی بکات و خۆم بچم ئەو ماڵانەبسوێنم بەسەر ئەو کەسانەی کەدوا دەکەون لەنوێژی هەینی .

ئاشكرايەئەم هەڕەشەگەورەی پێغەمبەری خوا بۆ شتێكەزۆر گرنكەبەلايەوە، وەگەر فەرز بەنوايەئەو هەڕەشەگەورەيەی نەدەكرد .

٢ ) عن حفصة ( رضي الله عنها ) أن النبي ( صلى الله عليه وسلم ) قال : ( رواح الجمعة واجب على كل محتلم ) (9) .

واتە: ڕۆشتن بو نوێژی هەينی واجبەلەسەر هەموو كەسێكی باڵغ .

3) عن أبي الجعد الضّمري ( رضي الله عنه ) أن النبي ( صلى الله عليه وسلم ) قال : من ترك ثلاث جُمَعٍ تهاوناً طبع الله على قبله ) (10) .

واته : هەركە سێك سێ جار نوێژی هەينی تەرك بكات و نەيكات بەتەمبەڵی ئەوەپەروەردگار مۆر دەنێت بەسەر دڵيدا .

سێهەم / ( الاجماع ) كۆ دەنگی زاناينی ئيسلام .

( ابن المنذر ) كۆ دەنگی زانايانی ئيسلام نەقڵ دەكات و دەڵێت : ( أجمعوا على أن الجُمُعة على الأحرار البالغين المقيمينَ الذين لا عذر لهم ) واتە: هەموو زانايان يەكڕاو يەكدەنگن لەسەر ئەوەی نوێژی هەينی فەرزی عەينە لەسەر هەموو كەسێكی ئازاد و باڵغ و نيشتەجێ - واتە مسافر نەبێت - و خاوەن بيانوو ( عذر) ی شەرعی نەبێت (وەك نەخۆشی وبارانی زۆر هتد ....) (١١.

هەروەها ( ابن العربی ) يش دەڵێت ( الجُمعة فرض عين بإجماع الملة ) واتە: نوێژی هەينی فەرزی عەينەبەكۆ دەنگی هەموو زانايان .

( ابن قدامەالمقدسی ) يش دەڵێت : ( أجمع المسلمون على وجوب الجمعة ) واتە: موسڵمانان هەموو يەكڕاو يەكدەنگن لەسەر ئەوەی نوێژی هەينی واجبە.

ئيمامی نەوەويش دەڵێت: ( إن مذهب الشافعي أن الجُمُعة فرض عين ) واتە: لەمەزهەبی ئيمامی شافعيدا نوێژی هەينی فەرزی عەينە.

ئايا لەنوێژی هەينيدا چەند بانگ دەدرێت؟

بانگ لەسەردمی پێغەمبەری خوادا بۆ نوێژی هەينی يەك بانگ بووەوەك نوێژەكانی تر، ئەويش كاتێك بووەكەپێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) چوبێتەسەر ( منبر ) ەكەی، هەروەها لەسەردەمی ئەبو بەكر و عومەر و حەزرەتی عەلی ش لەكوفـــــە( خوايان لێ ڕازی بێت ) يەك بانگ بووە، بەڵام لەسەر دەمی عوسمانی كوری عەفاندا ( خوای لێ ڕازی بێت ) كاتێك شاری مەدينەووردە ووردەگەورەبوو خەڵك بەئاسانی ئاگادری بانگ نەدەبون بۆ نوێژی هەينی ، لەشوێنێك كەپێان دەووت (الزوراء ) كەنزيك بازاڕی مەدينەبوو پێش هاتنی كاتی بانگی نيوەڕۆ ، بانگيكی زياد كرد تاوەكو

خەڵكی ئەو بانگەیان بیست خۆیان ئامادەبكەن بۆ نوێژی هەینی ، جا كاتێك بانگی نوێژی هەینی دەدرا عوسمانی كوڕی عەفان دەچویەسەر مینبەرەكەی و دەستی دەكر بەووتار دان (١٢) .

ئەبو حەسەنی ماوەردیش دەڵێت : بانگی یەكەمی ڕۆژی هەینی عوسمانی كوڕی عەفان زیادی، ئەویش لەبەر ئەوەی خەڵكی زوو خۆیان ئامادەبكەن بۆ نوێژی هەینی چونكەلەسەردەمی ئەودا شاری مەدینەفراوان بوو بوو دانیشتوانەكەشی زیادی كردبوو (١٣) چونكەخەڵكی لەبازاڕدا سەرقاڵی كڕین و فرۆشتن بوون و گوێیان لەبانگی یەكەم نەبوە، بۆ ئاگادار كردنەوەی خەڵكی و خۆئامادەكردنیان عوسمانی كوڕی عەفان ( خوای لێ ڕازی بێت ) بانگی یەكەمی زیاد كرد .

بۆیەدەڵێین ئەوەی عوسمان كردویەتی وەسلەیەك بوو بۆ ئەوەی خەڵكی فەرزێكی گەورەو پاداشتێكی مەزنی نوێژی ( جمعه)یان لەكیس نەچێت، ئەوەش لەبەر ئەوەی خەڵكی گوێیان لەبانگ نەبوەو سەرقاڵی ئیش و كاری دونیا بوون ، بەڵام لەم سەردەمەی خۆماندا ( الحمد لله ) لەبەر ئەوەی وەسائل و تەقەنیات زۆر بووەلەجهاز و موكەبرات و مایكروفۆنات و زۆر وەسائلی تر كەخەڵكی بەئاسانی لەشوێنی زۆر دووریشەوەگوێیان لەبانگ دەبێت پێویست بەبانگی دوەم ناكات هەروەك لەسەردمی پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) و ئەبو بكر و عومەر دا ( خوایان لێ ڕازی بێت ) یەك بانگ دراوە، جا هەركاتێكیش ئەو هۆكارە( علة ) لەهەر جێگایەكی تردا پەیدا بویەوەكەخەڵكی بەئاسانی ئاگادری بانگی هەینی نەدەبوون یان گوێیان لێی نەدەبوو ئەوا دەتوانین كار بە( أثـــر ) ەكەی حەزرەتی عوسمان بكەین و دوو بانگ بدرێت بۆ نوێژی هەینی ( والله أعلم بالصواب ) .

حوكمی تەرك كردن و نەكردنی نوێژی هەینی ( الجُمُعة ) .

هەركەسێك نوێژی هەینی لەسەر فەرز بوویێت وەك لەپێشەوەئاماژەمان پێكرد بە(عمدا ) تەركی بكات و هیچ عوزرێكی نەبێت ئەوەبێگومان گوناهێكی گەورەی كردوەو سەرپێچیەكی هەرەگەورەی خواو پێغەمبەری خوایە، جا پێویستەلەسەر ئەو كەسە(توبە) یەكی نەصوح بكات لەو كارەی و داوای لێخۆشبون لەخوای گەورەبكات و جارێكی دیكەش نەگەڕێتەوە سەر ئەو گوناهە، تەرك كردنی نوێژی هەینیش بەلایەوەكارێكی ئاسان نەبێت ، چونكەلەچەندەها فەرموودەی پێغەمبەری ئازیز ( صلی الله علیه وسلم ) هەڕەشەی گەورەكراوەلەو موسڵمانانەی كەنوێژی هەینی ناكەن بەبێ هیچ بیانویەك ( عذر ) ێكی شەرعی .

سەرەتا ئەبێت بزانین نەکردنی نوێژی هەینی ئەنجام نەدانی فەرمانێکی خوای باڵادەستەکەدەفەرموێت ( إذا نُودِي للصَّلاة منْ يَومِ الجُمُعَةِ فاسعَوا إلى ذِكْرِ الله ..) گەر بانگدرا بۆ نوێژی هەینی ئەوا بچن بەدەنگ بانگ و یادی خواوەکەنوێژ کردنەکەیە.

بێ گومان نوێژی هەینیش یەکێکەلەدروشمەگەورەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام ، بەڕێز ڕانەگرتنی دروشمێکی گەورەی ئیسلامیش گوناهی گەورەیە، چونکەبەڕێز ڕاگرتنی ئەو دروشمانەنیشانەی تەقواو لەخوا ترسانەوەك پەروەردگار دەفەرموێت : (( ذَلِكَ ومنْ يُعَظم شَعَائِرَ اللهِ فَإنَّها منْ تقوَى القُلُوب )) (١٤) .

هەروەها پێغەمبەری خواش ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت :

" لينتهين أقوام عن ودعهم الجمُعات أو لَيَخْتِمَنَّ اللهُ على قُلُوبِهمْ ثُمَّ لَيَكُونَنَّ مِنَ الغَافلين " (١٥) واتە: ئەو کەسانەی کەنوێژی هەینی ناکەن ،واز لەو کارانەیان دێنن یان پەروەردگار مۆر بنێت بەسەر دڵەکانیاندا و پاشانیش بیانگێرێت لەکۆمەڵی بێ ئاگاو سەر لێشێواوەکان .

لەفەرموودەیەکەی تردا دەفەرموێت : " منْ تَركَ الجُمُعَةَ ثَلاثاً منْ غير ضرورةٍ طَبَعَ على قَلْبِهِ " (١٦) واتە: هەرکەسێك سێ جار نوێژی هەینی نەکات و وازی لێ بهێنێت ئەوەخوای گەورەمۆر دەنێت بەسەر دڵیدا .

هەروەها دەفەرموێت: " لَقَدْ هَمَمْتث أنْ آمرَ رجلاً يُصلي بالناس، ثُمَّ أحرَقَ على رجالٍ يتخلَّفُون عَن الجُمُعَةِ بُيُوتَهُمْ " (١٧) .

واتە: نیازم هەبوو کەفەرمان بکەم بەکەسێك کەنوێژ بۆ خەڵکی بکات و خۆم بچم ئەو ماڵانەبسوتێنم بەسەر ئەو کەسانەی کەدوا دەکەون لەنوێژی هەینی .

کەواتەخوێنەری بەرێزو خۆشەویست نوێژی هەینی یەکێکەلەدروشمەگەورەکانی ئاینی پێرۆزی ئیسلام هەربۆیەئەوەندەگرنگی پێداروەو پێغەمبەری خواش ( صلى الله عليه وسلم ) پێداگری زۆری لەسەر کردوەو هەڕەشەی گەورەشی لەو کەسانەکردوەکەکەمتەرخەمی دەکەن لەبەجێ هێنانیدا ، چونکەئاشکرایەهەرکارێك پێغەمبەری ئازیزمان تەئکیدی لەسەر کردبێت بەڵگەیەلەسەر گرنگی ئەو کارە، جا پێویستەلەسەر تاکی موسڵمان خەمسار نەبێت لەبەجێ گەیاندنی فەرمانەکانی خوادا ( جل جلاله ) .

گرنگیەکانی نوێژی هەینی :

لەم گۆشەیەدا چەند فەرمودەیەکی پێغەمبەری خوا ( صلى اله عليه وسلم ) دەخەینەڕوو کەبەڵگەن لەسەر گرنگی ئەم ڕۆژەلەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا :

١) عن أبي هريرة ( رضي الله عنه ) قال : قال رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) " خير يوم طلعتْ عليه الشمسُ ، يومُ الجُمُعَةِ فيه خَلَقَ اللهُ آدم ، وفيه أدخل الجنَّةَ ، وفيه أُخرجَ منها ) (18)

واتە: چاكترین و پڕ خەیر ترین ڕۆژێك كەخۆری لێی هەڵهاتبێت ڕۆژی هەینی یەكەپەروەردگار حەزرەتی ئادەمی تیادا خەلق كرد ، هەر لەورۆژەشدا خستیەبەهەشتەوە، پاشانیش هەر لەڕۆژی هەینیدا لەبەهەشت دەری كرد .

٢ ) عن أبي لُبابة بن عبد المنذر ( رضي الله عنه ) قال : قال رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) : " إنَّ يومُ الجُمُعَةِ سيدُ الأيام وأعظمها عند الله، وهو أعظم عند الله من يوم الأضحى ويم الفطر، وفيه خمس خلال ، خلقَ اللهُ فيه آدمَ ، وأهبط فيه آدمَ إلى الأرض ، وفيه توفيَ آدم ، وفيه ساعة لا يُسألُ الله فيها العبد شيئاً إلا أعطاهُ إياهُ ، ما لم يسأل حراماً ، وفيه تقوم الساعة ، ما من ملك مقرب ولا سماء ولا أرض ، ولارياح ولا جبال ولا بحر ، إلا وهن يشفقن من يوم الجمعة " (19) .

واتە: ڕۆژی هەینی سەردار وگەورەی هەموو ڕۆژەكانەلای پەروەردگار، ڕۆژی هەینی لەڕۆژی جەژنی قوربان و جەژنی ڕەمەزان بەڕێزتر و گەورەترەلای پەروەردگار، چونكەئەو ڕۆژەپێنج تایبەت مەندی هەیە، خوای گەورەلەو ڕۆژەدا ئادەمی خەلق كرد و هەر لەورۆژەدا خستیەسەر زەوی، هەر لەو ڕۆژەشدا بوو وەفاتی پێ كرد ، لەڕۆژی هەینی دا كاتێك هەیەبەندەكانی خوای گەورەهەرداوایەك بكەن لەپەروەردگاریان بۆیان جێ بەجێ دەكات و پێان دەبەخشێت ، بەمەرجێك داواكاریەكانیان بەجێ بێت و حەرام نەبێت ، هەر لەڕۆژی هەینیدا قیامەت دێت ، هەموو فریشتەنزیكەكانی خوای گەورەو ئاسمان و زەوی و ڕەشەبا و كێوەكان و دەریاكان زۆر شەرم و سام دەیانگرێت لەڕۆژی هەینی .

٣ ) روى أبو هريرة ( رضي الله عنه ) أنَّ النبي ( صلى الله عليه وسلم ) قال : " من اغتسل يوم الجُمُعَةِ غُسل الجنابة، ثُمَّ راح في الساعة الأولى، فكأنَّما قّربَ بَدنةً، ومن راح في الساعةِ الثانيةِ ، فكأنَّما قَرَّبَ بَقَرَةً، ومنْ راحَ في السَّاعةِ الثالثةِ، فكأنَّما قرَّبَ كَبْشاً أقرنَ ، ومنْ راحَ في السَّاعةِ الرَابعةِ ، فكأنّما قرَّب دّجاجةً، ومن راحَ في السَّاعةِ الخامسَةِ، فَكَأَنَّما قَرَّبَ بَيضَةً، فإذا خَرَجَ الإمامُ ، حَضَرَتِ الملائكةُ يستمعون الذّكْرَ " (20) .

واتە: هەركەسێك ڕۆژی هەینی خۆی شۆرد بەخۆشتنی جەنابەت پاشان لەساتی یەكەمەوەڕۆشت بۆ مزگەوت ئەوەبەئەندازەی ئەوەی ووشترێكی كردبێت بەخێر چاكەی بۆ دەنوسرێت، وەئەگەر لەساتی دوەمەوەڕۆشت ئەوەبەئەندازەی ئەوەی مانگایەكی كردبێت بەخێر چاكەی بۆ دەنوسرێت، وەهەركەسێك لەساتی سێ یەمەوەڕۆشت ئەوەبە ئەندازەی ئەوەی بەرانێكی شاخداری كدربێت بەخێر چاكەی بۆ

دەنوسرێت، وەهەرکەس لەساتی چوارەمەوە ڕۆشت بۆ مزکەوت ئەوەبەئەندازەی ئەوەی مریشکێکی‌کردبێت بەخێر چاکەی بۆ دەنوسرێت ، وەئەگەر لەساتی پێنجەمەوەڕۆشت ئەوەبەئەندازەی هێلکەیەك ێاکەی بۆ دەنوسرێت، جا ئەگەر ئیمامی ووتار بێژ چووەسەر مینبەرەکەی ئەو کاتەئەو فریشتانەی وەستاون چاکەکان دەنوسن دادەنیشن بۆ گوێگرنت لە یادو زکری خوا - واتەلەووتاری ئیمامی ووتار بێژ _ .

ئەم فەرمودەیەی تر زیاتر فەرمودەکەی پێشتر ڕۆشن دەکاتەوەکەپێیغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : " إذا كان يوم الجمعة، كانَ على كلِّ بابٍ منْ أبوابِ المسجِدِ ملائكةٌ يكتبونَ النَّاسَ على منازلِهمْ ، الأولُ فالأولُ، فإذا خَرَجَ الإمامُ ، طُوِيَتْ الصُّحُفُ " (21) .

واتە: کاتێك کەرۆژی هەینی دێت لەبەردەم هەموو دەرگایەك لەدەرگاکانی مزگەوت فریشتەیەك دەوەستێت ناوی ئەو کەسانەیەك لەدوای یەك دەنوسێت کەلەماڵەکانیانەوەدێن بۆ مزگەوت، جا کاتێك کەئیمامی ووتار بێژ سەرکەوت بۆ سەر مینبەرەکەی فریشتەکان تۆماری ناونوسینەکەیان دەپێچنەوە.

پێ دەچێت کەسێك بپرسێت و بڵێت ئایا ئەو ساتانەی باسکرا لەکەیەوەدەست پێ دەکات ؟

زانایان سێ بۆچونیان هەیەلەم بارەیەوە:

یەکەم : لەدوای هەڵهاتنی خۆرەوەدەست پێ دەکات لەبەر ئەوەی ساتەکان ناتوانرێت دەست نیشان بکرێت لەدوای هەڵهاتنی خۆرەوەنەبێت .

بەم پێ یەلەدوای هەڵهاتنی خۆرەوەتا ئەوکاتەی ئیمامی ووتار بێژ دەچێتەسەر مینبەر دەکرێت بەپێنج بەشەوەهەر بەشێکی لەو بەشانەساتێکەلەو ساتانەی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) لەفەرموودەکەدا باسی کردوە.

دووەم : ئەمەش ڕای ظاهري ئیمامی شافعی یەکەپێ ی وایە، لەبەرەبەیانەوەدەست پێ دەکات ، واتەلەسەرەتای کاتی نوێژی بەیانی یەوە، چونکەبەرەبەیان سەرەتای ڕۆژەو غوسلی ڕۆژی هەینیش بەئەو کاتەوەبەندە، واتەلەبەرەبەیانەوەدروستیشەغوسل بکرێت ( ٢٢) .

سێ یەم : هەروەها هەندێکی تر پێ یان وایە، مەبەست لەو کاتانەبیست و چوار کاتژمێری شەو ڕۆژ نی یە، بەڵکو مەبەست پێ ی ئەوەیەهەرکەس پۆ ڕۆشتنی نوێژی هەینی پێش بکەوێت لەبرا ئیماندارەکەی ئەوەپاداشتی زیاتری بۆ دەنوسرێت، بەو پێ یەهەرکەس یەکەم کەس بێت لەداخڵ بوونی بۆ نوێژی هەینی ئەوەخەیرەزۆرەکەی بۆ خۆی مسۆگەر کردوەهەرکەسیش دوا بکەێت پاداشتی وەك پاداشتی کەسی یەکەمی بۆ نانوسرێت .

حوکمی کڕین و فرۆشتن لەڕۆژی هەینی دا .

کڕین و فرۆشتن یەکێکەلەشتە(موباح ) ەکان واتەبەکردنیان هیچ گوناهـ و پاداشتێکیشت بۆ نانوسرێت ،بەڵام قاعدەیەکی فقهی مان هەیەدەڵێت ( النية تحول العادة عبادةً ) واتە نیەتی چاك و باش خوو داب ونەریتەکان دەگۆڕێت بۆ عیبادەت .

کەواتەمرۆڤی ئیماندار ئەگەر کاتێك معاملەو کڕین و فرۆشتن دەکات نیەتی ئەوەبێت کەڕزقێکی حەڵاڵ و پاك بۆ ماڵ و منداڵی پەیدا بکات و خۆی بەدوور بگرێت لەحەرام لەبەر ڕەزامەندی خوای گەورەئەوە کڕین و فرۆشتنەکەشی دەبێت بەعبادەت .

ئێستا با بزانین ئایا کڕین و فرۆشتن لەڕۆژی هەینیدا حوکمی چیەلەئیسلامدا.

کڕین و فرۆشتن لەڕۆژی هەینی دا وەك ڕۆژەکانی تر ڕێگەی پێدراوەو هیچ گومانێك نیەلەڕاست و دروستی تا کاتی بانگ دان بۆ نوێژی هەینی ، بەڵام کاتێك کەبانگی دا ئیتر کڕین و فروشتن حەرام دەبێت ئەمەش ڕای سەرجەم زانایانی ئیسلامەبەبەڵگەی ئایەتی (( يا أيها الذينَ آمنُوا إذا نُوديَ للصَّلاة منْ يومِ الجُمُعَةِ فاسعْوا إلى ذِكْرِ اللهِ وذروا البيع ذلكم خيرٌ لَكُمْ إن كُنْتُمْ تَعْلَمُون )) .

واتە: ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوەئەگەر بانگ درا بۆ نوێژی هەینی ، ئەوەخێرا بچن بەدەنگ بانگ و یادی خواوەو واز لەکڕین و فرۆشتن بهێنن، بێگومان ئەوەزۆر چاکتر و باشترەبۆتان ئەگەر ئێوەبزانن .

بەڵام با بزانین ئایا ڕاو بووچونی زانایان چی یەلەبارەری کڕین و فرۆشتن لەم کاتەدا، دوای کام لەبانگەکان بانگی یەکەم یان بانگی دووەم حەرام دەبێت ؟

ا ) جمهوری زانایانی ئیسلام لەمەزهەبی مالکی و شافعی و حەنبەلی هەندێکیش لەحەنەفیەکان ڕایان وایەلەدوای بانگی دوەمەوەکڕین و فرۆشتن حەرامەئەویش بۆ ئەو کەسانەی کەنوێژی هەینیان لەسەر فەرزەوەك لەپێشەوەباسمان کرد، چونکەلەسەردەمی پێغەمبەری خوادا ( صلى الله عليه وسلم ) یەك بانگ هەبوەبۆ نوێژی هەینی ئەویش کاتەکەی وەك هەموو کاتەکانی ڕۆژانی نیوەڕۆی ترە، واتەلەدوای ( زوال ) لادانی خۆر لەناوەڕاستی ئاسمان ، وەدەڵێن بانگی دووەم ئیمامی عوسمان زیادی کردوەدوای ئەوەی زانی شاری مەدینەگەورەبووەو خەڵکی بەئاسانی گوێیان لەبانگ نابێت، کەواتەکاتێك خوای گەورەئەو ئایەتەی ناردەخوارەوەبۆ پێغەمبەری ئازیـــــــــز ( صلى الله عليه وسلم ) وقەدەغەی ئەوەی کرد کەکڕین و فرۆشتن بکرێت لەکاتی بانگ دان بۆ نوێژی هەینی یەك بانگ هەبووەئەویش کاتەکەی وەك کاتی نوێژی نیوەڕۆیە (٢٣) .

ب) بەڵام ڕای پەسەند کراو لای حەنەفیەکان ئەوەیەلەدوای بانگی یەکەمەوەئیتر کڕین و فرۆشتن حەرام دەبێت و واجب دەبێت مرۆڤ بەرەو مزگەوت بەڕێ بکەوێت ، پاساوی ئەوەش بەوەدەهێننەوەدەڵێن ئەگەر لەبانگی دوەمەوەبێت ئەوەپێ دەچێت

مرۆڤ نەگات بەنوێژی هەینیدا، لەبەر ئەوەی ئەگەر کەسێك بەتایبەتی ماڵی دوور بێت ئوەنوێژەکەی دەفەوتێت وناگات بەوەی پێش ئیمامی ووتار بێژ لەمزگەوت ئامادەبێت، بەڵام ئەگەر لەبانگی یەکەمەوەخۆی ئامادەکرد ئەوەفەرمانەکەی خودای بەچاکی بۆ جێ بەجێ دەکرێت (٢٤) .

بەچەند مەرجێك کڕین و فروشتن حەرام دەبێت لەدوای بانگدانی نوێژی هەینی :

١ ) ئەبێت ئەو کەسەی کەخەریك دەبێت بەکڕین و فرۆشتنەوەلەو کەسانەبێت

کەنوێژی هەینیان لەسەر فەرزەلەو کاتەدا ، کەواتەکڕین و فرۆشتن حەرام نیەئەگەر ئەو کەسەمنداڵ بوو یان ئافرەت بوو ، یان ئەگەر نەخۆش بوو ، یان ئەگەر مسافر بوو ، یان موسڵمان نەبوو ، چونکە( خطاب ) ەی خوای گەورەتایبەتەبەو کەسانەی ( جمعه) یان لەسەر فەرزە، ئەو کەسانەشی ( جمعه) یان لەسەر فەرز نیە( قەدەغەکردنی کڕین و فرۆشتن ) لێیان ئەوان ناگرێتەوە، ئەویش لەبەر ئەوەکڕین و فرۆشتن حەرام دەبێت لەو کاتەدا مرۆڤ مەشغوڵ نەبێت و نوێژەکەی لەکیس بچێت و فەرزێکی خودا ئەنجام نەدات ، کەواتەکەسێك فەرز نەبوو لەسەر فەرزیشی لەکیس ناچێت .

بەم پێ یەئەگەر کەسێك ( محلێکی تجاری ) هەبوو تایبەت بوو بەئافرەتان و لەکاتی نوێژی هەینیدا خێزانی یان کچێکی خۆش لەسەر بوو کڕین و فرۆشتنیان کرد ئەوەئەو کڕین و فرۆشتنەحەرام نابێت ، یان ئەگەر ئەو کەسەبۆ نمونە( شەریك بوو لەگەڵ کەسێکی ئەهلی کتاب ) لەکارگەیەکی ئۆتۆمبیل دروست کردن ، لەکاتی نوێژی هەینی کارگەکەدانەخراو بەردەوام بوو لەکارکردن، بەڵام کەسی شەریکی موسڵمان لەکاتی خۆیدا هات بەدەم نوێژ کردنی هەینیەوە ، ئەو هەر قازانج و سودێکی پێ بگات لەئیشکردنی ئەو ماوەیەحەرام نیە، چونکەئەو کەسەفەرمانەکەی خوای جێ بەجێ کردوە، بەڵام بەمەرجێك ڕێگر نەین لەوکرێکارانەی موسڵمانن و دەیانەوێت نوێژی هەینی بکەن .

هەروەها ئەگەر منداڵێکی خۆی دانا لەسەر دوکانەکەی یان خزمەتکارێکی غەیرەموسڵمانی ، لەکاتی نوێژی هەینیدا کڕین و فرشتنیان کرد ، ئەو بەهەمان شێوەئەو کڕین وفرۆشتنەحەرام نابێت بەمەرجێك ئەو کەسەی کەشتی پێ دەفرۆشن لەوکەسانەبن ( جمعه) یان لەسەر فەرز نیە، واتە ئەگەر ئەو دوو کەسەهەردوکیان موسافر بوون یان نەخۆش بوون، یان هەردوکیان ئافرەت بوون چونکەئەگەر بەکەسێك شتیان فرۆشتن( جمعه) یان لەسەر فەرزبوو ئەو کاتەدەچێتەچوار چێوەی هاریکاری کردن لەسەر گوناهـ ( التعاون على الإثم ) خواي گەورەش دەفەرموێت (( وتعاونوا على البر والتقوى ولا تعانوا على الإثم والعدوان )) (25) واتە: ئێوەهاریکاری یەکتر بکەن لەسەر چاکەو کاری خێر و هاریکاری یەکتر مەکەن لەسەر کاری خراپ و گوناهـ .

کەواتەئەگەر لەبانگی نوێژی هەینیەوەشتی فرۆشت بەکەسێك کەنوێژی هەینی لەسەر فەرز بوو، ئەوا هەردوولا گوناهبار دەبن .

بەڵام لەسەروو هەموو ئەمانەوەپێویستەلەسەر مرۆڤی موسڵمان زۆر گرنگی بدات بەدروشمەکانی ئیسلام و لەکاتی خۆیدا جێ بەجێیان بکات و بەسووك سەیریان نەکات ، وانەزانێت ئەگەر تەنها کاتژمێرێکی بۆ نوێژی هەینی ئەگەر دوکان یان کۆمپانیاکەی داخست ئیتر ڕزق و ڕۆزی کەم دەبێتەوەکاریگەری دروست دەکات لەسەر ئابووری ئەو کەسە، ئەویش لەبەر ئەوەدەبێت مرۆڤی موسڵمان بزانێت بەگەورەگرتنی دروشم ( شعائر ) ەکانی ئیسلام بەڵگەو دەلیلی لەسەر لەخواترسانی ئەو کەسە، لەلایەکی تریشەوەپەروەردگار دەفەرموێت (( ومن يتق الله يجعل له مخرجا ويرزقه من حيث لا يحتسب )) واتە: هەرکەسێك تەقوای خوای هەبێت و لەخوا بترسێت ئەوا خودای گەورەدەروی خێری لێدەکاتەوەو بەشێوەیەك ڕزق و ڕۆزی دەدات کەئەو کەسەخۆیشی ئاگای لێ نەبێت و حسابیشی بۆ نەکردبێت .

کەواتەپێ دەچێت ئەو کەسەبەڕواڵەت وا بزانێت ئەگەر دوکانەکەی داخست لەکاتی نوێژی هەینیدا زەرەر دەکات چونکەبۆ کاتژمێرێك کڕین و فرۆشنی نەکردوە، بەڵام ئەگەر ئەوەی لێك دایەوەقازانج و پاداشتی ڕۆژی دوایی زۆر گەوەر ترەلەقازانجێکی کاتی دونیا و خودای گەورەش بەڵینی خۆیەتی لەدونیاشدا ڕزق و ڕۆزی زیاد بکات و بەرەکەتی تێ بخات ، ئەو کاتەزۆر ئاسان دەبێت لای ئەگەر لەوکاتەدا بەچەند قاتیش خێر بکات دەچێت بەدەم بانگی خوداوەو واز دەهێنێت لەکڕین و فرشتنەکەشی .

٢) ئەو کەسەی کڕین فرۆشتنەکەدەکات بزانێت و علمی هەبێت بەوەی کەکڕین و فرۆشتن لەکاتی بانگ دان بۆ نوێژی هەینی حەرامە، ئەگەر نەیزانی ئەوەحەرام نابێت بۆ ئەوکەسـەچونکـە( الجاهل يعذر بجهله ) واتە ( کەسی نەشارەزا و نەزان عوزری بۆ دەهێنرێتەوەبەنەزانیەکەی .

٣) ئەگەر هاتوو ئەو کڕین و فرۆشتنەلەبەر زەرورەت نەبوو ، وەك ئەگەر هاتوو کەسێك زۆر برسی بوو لەبەر ناچاری هەندێك خواردن بکرێت لەکاتی بانگدانی نوێژی هەینیدا ئەوەبۆ ئەو کەسەحەرام نابێت ، یان ئەگەر هاتوو کفنی مردویەك زۆر پێویست بوو ئەگەر ترسی ئەوەهەیوو ئەگەر کفن نەکرێت ئەوەلاشەی مردوەکەبۆن بکات و خراپ ببێت ، ئەگەر هاتوو بەو شێوەیەبوو ئەوا لەبەر ناچاری ئەو کڕین و فرشتنەدروستەو حەرام نابێت .

٤ ) کاتێك ئەو کڕین و فرۆشتنەحەرام دەبێت بانگی دوەمی دابێت بو نوێژی هەینی لەسەر ڕای جمهوری زانایان .

ئایا قیاسی هەموو ( عقد ) ەكانی تر دەكرێتەسەر ( البیع والشراء ) ؟

مەبەستمان ئەوەیەئایا ئەگەر كەسێك لەكاتی بانگی هەینیدا خانویەكی بەكرێ گرت یان كچێكی بەشوودا ، یان عقدی كەفالەتی بۆ یەكێكێ تر كرد ئایا ئەوەش دەكەوێتەبەر ئەو هەڕەشانەی پێغەمبەری خوا كەباسمان كرد و دەكەوپتەبەر ئەو قەدەغەكـــــــردنەی كەپەروەردگار دەفەرموێت ( وذروا البیع ) ؟

بۆ وەڵامی ئەم پرسیارەحەنەفیەكان دەڵێن هەرشتێك مەشغوڵت بكات لەكردنی نوێژی هەینی جا ئەگەر كڕین و فرۆشتن بێت یان هەرشتێكی تر ئەوەحەرامەو پێویستەمرۆڤی موسڵمان دەستی لێ هەڵبگرێت و بچێت بەدەم نوێژەكەیەوە (٢٦) .

هەروەها مالكی یەكانیش دەڵێن هەر عەقدێك جا ئەگەر كڕین و فرۆشتن بێت یان بەكرێدان و بەكرێ گرتن بێت ، یان شەریكایەتی بێت لەمامەڵەیەكدا یان بەشودان و ژن هێنان بێت ئەوەئەو عەقدو گرێ بەستانەدەبێت هەڵبوەشێنرێنەوە.

مەزهەبی شافعی لای خۆشمان دەڵێت هەموو شتێك مەشغوڵ و خەریكت بكات لەنەكرندنی نوێژی هەینی حـەرامەجا ئەگـــــەر هەر گرێ بەستێك بێت لەكــــڕین و فرۆشتن یان هــــــەر كارێك بێت (٢٧).

مەزهەبی حەنابلەش دەڵێت حەرامەهەر گرێ بەستێك بكرێت لەدوای بانگ دانەوەبۆ نوێژی هەینی تا كۆتای دێت ، بەڵام ڕایان وایەتەنها  گری بەستی كڕین و فرۆشتن دانامەزرێت ، بەڵام جگەلەكڕین و فرشتن وەك گرێ بەستی بەكرێ دان و سوڵح و قەرز و ڕەهن و كەفالەت و زەمان و هاوشێوەكانیان دادەمەزرێت لەگەڵ ئەوەی كردنیان حەرامە، چونكەدەقی ئایەتەكەی قورئانی پیرۆز باس لەكڕین و فرۆشتن دەكات ، قیاسی گرێ بەستەكانی تر ناكرێتە سەر كڕین و فرۆشتن لەڕووی دامەزران و دانەمەزرانیەوە، لەگەڵ ئەوەی هەركەسێك لەدوای بانگەوەبیان كات گوناهبار دەبێت و حەرامە (٢٨) .

بەم شێوەیەزانیمان كەسەرجەم زانایانی هەر چوار مەزهەبەكەهەموو گرێ بەستێكیان پێ حەرامەلەكاتی بانگ دانەوەتا نوێژی هەینی كۆتایی دێت .

لەكۆتایدا دەڵێم زۆر بەداخەوە          هەندێك كەس كردویانەبەخووی خۆیان دوكانەكانیان داناخەن یان مەشغوڵی كڕین و فرۆشتن دەبن یان هەر هیچ ئیشیشی نیە تاوەكو كاتی ئەوەدێت كەقامەت دەكرێت بۆ نوێژ كردن  ئەو كاتەبەپەلەپرووزەو ڕاكردن دەچێت بۆ نوێژی هەینی، جا ئەو كاتەیان ناگات بەنوێژەكەشدا یان بەڕكاتێكی دەگات یان كاتێك دەگاتەمزگەوت خەڵكی لەتەحیات خوێندندان، بەڕاستی ئەم خووەلەگەڵ ئەوەی خوویەكی زۆر خراپەئەو كەسەش پێ ی گوناهبار دەبێت و چوكەئەم

کارەبەڵگەیەلەسەر ئەوەی ئەم کەسەدروشمەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلامی لا بێ نرخـــــە ( خواد پەنا بدات ) ئەگەر نا لەکاتی خۆیدا دەچێت بەبەدەم بانگی خوداوە، بەرز ڕاگرتنی دروشمەکانی خوداش وەك پێشتر ووتمان لەتەقواو لەخواترسانی مرۆڤی موسڵمانەوەسەرچاوەدەگرێت، ئەمەش دەگەڕێتەوەبۆ ئەو ( وازع ) ەدینی یەی کـــەلای ئـــەو کەسەهەیە، جـــــا ئەگەر ( وازعی دینی ) بەهێز بوو هەر لەسەرەتای کاتی نوێژەوەلەڕیزی پێشەوەی مزگەوت دەبێت، بەپێچەوانەشەوەئەگەر ( وازعی دینی ) لای هەرکەسێك لاواز بوو ئەوەسەیر دەکەیت کاتێك دێت بۆ نوێژی هەینی لەسەر جادەو ڕێگاو بانیش جێگای نابێتەوە، یان هەر ناگات بەنوێژەکەشدا .

خوای گەورەپشت و پەنای هەموو لایەك بێت ، درودو ڕەحمەتی فراوانیش بۆ سەر گیانی پێشەوای مرۆڤایەتی موحەمەد المصطفی و سەرجەم هاوەڵ و شوێنکەوتوانی .

پەراوێزەکان:

١ ) المجمع الوسيط ، مجمع اللغة العربية، لاپەڕە 135 .

٢ ) تفسير روح المعانى ، شهاب الدين السيد محمود الآلوسي ج28/ لاپەڕە٩٩ .

٣ ) تفسير القرآن العظيم ، ابن كثير ، ج4/ لاپەڕە٤٦٧ .

4 ) الروض المربع ، منصور بن يونس البهوتي الحنبلي ج3/ لاپەڕە٣٣٢ .

٥ ) ئەبو داود لە( كتاب الصلاة ) باب - الجمعة للمللوك والمرأة - ریوایەتی کردووەبەژمارە١٠٦٧ .

٦) سورەتی ( الجمعه) ئایەتی ٩ .

٧) بۆ ئەم مەبەستەسەیری ( جمع الجوامع ) السبکی بکەج ١ / لاپەڕە ٢١٧ ، وكشف الاسرار على أصول الفقه، عبد العزيز البخاري، و الأحكام في أصول الأحكام الآمدي ج 2/لاپەڕە٩ ، أصول الفقه الإسلامي وهبة الزحيلي ج 1/لاپەڕە٢١٩ ، نهاية السول شرح منهاج الوصول إلى الأصول ، الأسنوي ج 2/لاپەڕە١٧ . المدخل إلى مذهب أحمد ، عبد القادر بن أحمد أبن بدران لاپەڕە١٠١ .

٨ ) ئیمامی موسلیم لەسەحیحەکەیدا لە ( كتاب المساجد ومواضع الصلاة) لەباب فضل صلاة الجماعة وبيان التشديد في التخلف عنها - بەژمارە٦٥٢ ڕیوایەتی کردوە.

9) ئیمامي نەسائی لە( المجتبى ) دا ریوایەتی کردوەج ٣/لاپەڕە٨٩ ، هەروەها ابن العربی لەأحكام القرآن دا ئاماژەپێ کردوەج٤/ لاپەڕە١٧٩٦ .

10) ئەبو داود ڕیوایەتی کردوەلە( کتاب الصلاة ) لەبابـی ( التشدید في ترك الجمع ) بەژمارەی ١٠٥٢ ، هەروەها نەسائی ش لەسونەنەکەیدا ڕیوایەتی کردوە لە( کتاب الجمعة ) لەبابی التشدید فی التخلف عن الجمعةبەژمارەی ١٣٧٠ .

11) سەیری ( کتاب الاجماع ) ابن المنذر بکەلاپەڕە٥٤ .

12) ئیبنو ماجەلەسونەنەکەیدا ڕیوایەتی کردوەبەژمارە( ١١٣٥ ) هەروەها ئیمامی بوخاریش لەسەحیحەکەیدا بەم واتایەهێناویەتی بەژمارەکانی ( ٩١٢ ) و ( ٩١٣ ) و ( ٩١٥ ) و ( ٩١٦ ) هەروەها سەیری تەفسیری ( القرطبي ) بکەج٢٠ / لاپەڕە ٤٦٤ .

13) سەیری ( النکت والعیون ) ی ماوردی بکەج٦ / لاپەڕە٩ -١٠ .

14) سورەتی ( الحج ) ئایەتی ٣٢ .

15) ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردوەلە( کتاب الجمعة ) باب التلغیظ في ترك الجمعة بەژمارە٨٦٥ .

16 ) ئیمامی ئەحمەد لەمەسنەدەکەیدا ڕیوایەتی کردوەج ٣/ لاپەڕە ٣٣٢ ، هەورەها ئیمامی نەسائی لەکتاب ( الجمعة) باب التشدید فی التخلف عن الجمعة بەژمارە١٣٦٨ ڕیوایەتی کردوە، ئیبن و ماجەش لەکتاب ( فیمن ترك الجمعةمن غیر عذر ) بەژمارە ١١٢٦ ، وەئیبن و خوزەیمەش بەژمارە ١٨٥٦ ، وەحاکمی نەیسابوریش لە سەحیحەکەیدا بەج١/ لاپەڕە٢٩٢ ریوایەتیان کردوە.

17) پێشتر لەپەراوێزی ژمارەهەشتدا تەخریج کراوە.

١٨) ئیمامی موسلیم ڕیوایەتی کردوەلە( کتاب الجمعة) لە- باب فضل یوم الجمة- فەرمودەی ژمارە ٨٥٤ . هەروەها ئەبو داود ڕیوایەتی کردوە لە(کتاب الصلاة ) باب - فضل یوم الجمعة ولیلةالجمعة - بەژمارە١٠٤٧ .

١٩) ابن ماجەش لەسونەنەکەیدا ڕیوایەتی کردوەلە( کتاب الصلاة ) باب - في فضل یوم الجمعة - ژمارە١٠٨٤ .

٢٠) ئیمامی بوخاری لەسەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردوەلە( کتاب الجمعة ) باب - فضل الجمعة - بەژمارەفەرمـــوودەی ( ٨٨١ ) هەروەها ئیمامی موسلیم لە( کتاب الجمعة ) باب - الطیب والسواك یوم الجمعة - بەفەرمـــــوودەی ژمارە( ٨٥٠ ) ڕیوایەتی کردوە.

٢١) نەسائی لە( السنن الصغری ) لە( کتاب الجمعة ) باب - التبکیر إلی الجمعة - دا بەژمارەفەرمودەی ( 1386 ) ڕیوایەتی کردوە.

٢ ٢) سەیری ( البیان فی مذهب الإمام الشافعي شرح کتاب المهذب کاملاَ و الفقه المقارن ) للعمراني الشافعي الیمني بکەج٢/ لاپەڕە٥٨٩ .

٢٣) الهدايةوشروحها ج٢/لاپەڕە٣٨ ، وشرح المنهج بحاشيةالجمل ج٢/ لاپەڕە٥٤، كشاف القناع ج ٣/ لاپەڕە ١٨٠ .المجموع للنووى ج ٤/لاپەڕە٤١٩ ، والبيان للعمرانى ج٢/لاپەڕە٥٥٨ .

24) الهدايەوالعنايەج٢/ لاپەڕە ٣٨- ٣٩ ، وتبين الحقائق ج ٤/ لاپەڕە ٦٨، والدرر المختار ج٤/ لاپەڕە١٣٢ .

25) سورەتى المائدەئايەتى ژمارە٢ .

٢٦) رد المختار ج١/ لاپەڕە٥٥٢ ، جواهر اكليل ج١/ لاپەڕە٩٩ .

27) المجموع ئيمامى نەوەوى ج٤/ لاپەڕە٤١٩ .

28) كشاف القناع، البهوتى ج ٣/ لاپەڕە ١٨١ ، والمغنى لابن القدامەج ٢/ لاپەڕە١٤٦ .